# ڤالانتاینو مام والی مامەلی و میمکە فاتم

## عومەر محەمەد

هەرگیزنا خوازم ئەم چەند دێرەم وەك تانەیەك لەرۆژیخۆشەویستی لێكبدرێتەوە، چونكە نەك هەر باوەڕم بە خۆشەویستی هەیە، بەڵكو پێموایە وڵاتی بێ عەشق‌وخۆشەویستی، دەبێتە تاریكستانێكی ترسناك‌و تیایدا ئەنفالچیەكان دەبنە پیاو ماقوڵو ئۆردوگایەكی خنكاو لە ڕەفتاری بەعسیانەدا، هەرگیز ناتوانم بەو مرۆڤانە قایل بم كە خۆپەرستانە دەڕواننە پەیوەندی نێوان خۆیو مەعشوقەكەیو مرۆڤانی دی، بەشبەحاڵی خۆم ئەو كاتەی دەستی عەشقەكەم دەگرم‌وخۆشەویستی دەدەمێو سۆزی عاشقانەی لێوەردەگرم، لە هەمووكات زیاترخەمی میمكە ئەنفالكراوەكان‌وگەنجە دڵشكاوەكان دەبنە میوانمو بەرۆكم بەرنادەن، ئەو گەنجانەی هەتا ئەمرۆش ئەنفال هەڵیداونەتە ئەو دیوی فاریزەی خۆشگوزەرانی یەوە، ئاخر بۆ وانەبین چما ئێمە مرۆڤ نین؟ چما عەشق خاڵیە لە هەستە ئینسانیەكان‌و لێوانە لە چێژی خۆپەرستانە؟ ئەمە حەقیقەتێكی بەرچاوە لە پانتایی دوایی ئەنفال بوونمان، دەنا گەرمیان‌و بادینان، هەڵەبجەو دارەتوو پڕنە دەبوون لەمرۆڤی دڵشكاوو پڕنە دەبوون لە وێنەكانی مام وەلی‌و میمكە فاتم، ئەو دوو مرۆڤەی ڕەشەبای ئەنفال لە گوندی قەڵاچەرمەڵەوە بەرەو پانتاییەكانی بێكەسی هەڵیگرتن، دور لەهەموو سۆزێكی مرۆڤایەتی ببوونە خاڵێك لە "ئەنفال" بە ئۆردووگای صمودەوە، ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیەی لەدوای ڕاپەڕینەوە بە بڕیارێك ناوی ڕزگاری لێنراو لە واقعیشدا بێبەرییە لە هەموو هەناسەكانی ڕزگاربوون، ئەم دوو كەنەفتەی باسیان لێوەدەكەم، دوو مرۆڤی قوربانی ئەنفال بوون، كە لە ئۆردووگای ڕزگاری بەسەر شیوێكی بێئاوەوە خانوچكەیەكیان بۆخۆیان چێكردبوو، بەڵام چ خانوویەك؟ تەنها لە ژوورێكی بچوكی بە بلۆك هەڵچنراو زیاتر نەبوو، نیوە حەوشە(ستڕ)ێكی بچوكی بە ووشكە كەڵەك هەڵچنراویش بەردەمی ژوورەكەیانی گرتبوو، ئەمە هەموو سەروەت‌و سامان‌و سەرپەنای مام والی مامەلی‌ومیمكە فاتمی خوشكی بوو، بۆ مرۆڤی تەندروست تەنها دیدەنیەكی ئەم دوو بنیادەمە بەسە، بۆ ئەوەی لە هەموو چەمكەكانی مرۆڤایەتی بكەوێتە گومانەوە، مەگەر هەرخودا بزانێت بەرلە دوو هەفتە مام والی چۆن گیانی سپاردووەو ئیزرائیل چۆن هاتووە ڕۆحی كێشاوە، ئەگەر مەرگی مامەلی بە مردنێكی ئاسایی بزانین، ئەوا نهێنی مردنی میمكە فاتم تاوانێكە بە تەویلی هەموومرۆڤایەتی‌یەوە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕێرەوی باش بوون‌و وێران بوونی ژیانیان بەدەستەوەیە، چونكە تەنها چەند ڕۆژێك دوای مەرگی مام والی میمكە فاتمیش فیراق كوشتی‌ومەزڵومگای "ڕزگاری" بەجێهێشت‌وئەویش لە ژیان بێبەری بوو، ئەگەر ڕاست بێژین‌و ئەم دوو بنیادەمە هەر ژیابێتن.

ئیتر چۆن دەتوانین ئەنفال لە بیروئەندیشەی خۆماندا وێنا بكەین تا لەدیووی ناوەوەی حیكایەتە تراژیدیاكانی تێنەگەین، تا لە سڕینەوەوبەشت بوونی‌خودی مرۆڤ تێنەگەین؟چۆن دەتوانین بڵێین ئازادین‌و ڕێز لە ڕۆژی ڤالانتاین بگرین ئەگەر ئەنفال مرۆڤایەتی لەبەین بردبێ؟



مام والی‌و میمكە فاتم ئەو ساتانەشی زیندووبوون ئەنفال لە سەرنەخشەی ژیان سڕیبوونەیەوەو لەدوای ئەنفالیش دەسەڵاتی دیموكراسی ئامادەنەبوو ژیانیان بۆ بگێڕیتەوە، یاران ئەومەرگەی لە سایەی ئەنفالەوە تووشمان دەبێ چۆن مەرگێكە؟



ئەو ئەنفالەی لەم سەردەمەو ئەوی دی توشمان هاتووەو بەرۆكمان دەگرێت چۆن ئەنفالێكە؟ ئەمە گرێی پرسیارەكەیە، ئێمە مرۆڤانە دەژین یان شەر بەمرۆڤ بوونی خۆمان دەفرۆشین؟ گێچەڵ بەعەشق‌و ڤالانتاین‌و دەسەڵاتە شاراوەكەی دەكەین، یان بەڕاستی عاشقین؟ پێم وایە لەچركە ساتەكانی ئەنفالدا ژیانیش كۆمەڵێك تایبەتمەندیی مەرگ ئامێزی دەوێ. ئیدی مەرگ بەوەوە ناوەستێ كە بە ئەركی  سروشتی خۆی هەستێ، ئەوەی پێی دەڵێین مەرگی سەرجیگا، ئەو مەرگە ڕەنگەكانی خۆی بەسەر ژیانیشدا دەسەپێنێ.

كێ دەیەوێت ڕاستی ئەم قسەیە ببینێ با بفەرموێ سەردانێكی گەرمیان بكات‌و سەرێك لەماڵە چۆڵەكەی ئەو دوو مرۆڤە بدات كەلە ووشكە كەڵەكێكدا ڕۆژی دەجار دەمردن‌و زیندوو دەبوونەوە ئەو دوو مرۆڤەی لەنوگرە سەلمانیش ئیزرائیلێكیان بەناوی (حەجاج) دیبوو، ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی ئێستا حیكایەتەكانی ڕۆژانی ئەنفالمان بۆ دەگێڕنەوە، وەلی كەمیان ئاشنایەتیان لەگەڵ ژیاندامادوە، زۆرن ئەوانەی تەنها بەسەر زیندووماون‌و ئیدی تەواوی واتاكانی ژیانیان لێسەندراوەتەوە، ئەو وەنەبێ ئەمە هەتەنها دەردی ماموالی‌و میمكە فاتم بووبێ نەخێر ! مرۆڤانەی پێیان دەوتریت پاشماوەی ئەنفال هەرلە یەكەم قۆناغی گرتن‌و بەتاڵانبردنی سەروماڵیاندا

سڕکراون‌و ئیدی ژیان بۆ ئەوان بووەتە مەسەلەیکی مەحاڵ، کارەساتەکە لەوێدا چڕدەبێتەوە کە دوای راپەرین "ئازاد"بونیش لەدەسەڵاتی بەعس ئەم مرۆڤە ئەنفالکراوانە ئەو مافانەی لە تۆپزاواو نوگرەسەلمان بەعسیزم بەرەفتاری بەعسیانەی خۆی لێی زەوتکردبوون، هەتا ئەمرۆش نەکوردایەتی‌و نەدیموکراسیەت بۆی نەگێڕاونەتەوە، ئیدی لەو پانتاییەدا کە پێی دەڵێین ناوچە ئەنفالکراوەکان هەتا ئەمرۆ ژیانی تێدا تۆراوە. بۆیە لەیادی ڤالانتایندا تەنها توانیم دوو سڵاو بنێرم بۆ مەرگی مام والی‌و میمکە فاتم ئەوخوشک‌وبرایەی پێکەوە ژیان‌وپێکەوە پیربوون‌وچەند رۆژێك بەرلە( ڤالانتاین )یەك بەدوای یەکدا مردن، بە بێ ئەوەی ژیان سڵاوێکیان لێبکات، بەبێ ئەوەی عەشقێك ئامێزیان بۆ بگرێتەوە. یاران ئەگەر ئەمە ژیانی دوای ئەنفال بێت ئەدی مەرگ چۆنە؟